کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلیکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
13-2-2007 19:57 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## لە هۆڵەندا کوردێکی خەڵکی کەرکووک خۆی بۆ ئەنجومەنی هەرێمایەتی دەپاڵێوێت ... عەلی مەحموود محەمەد

ژمارە 9 لە لیستی پارتی سۆسیالست لە ئۆترێخت



یونس لوتف واللە ناسراو بە یونس گۆران، لە ساڵی 1969 لە شاری کەرکووک، گەڕەکی ڕەحیماوە، نزیك بە ئاگرەکەی باوەگوڕ گوڕ چاوی بە دنیا هەڵهێناوە.
دەرچووی کۆلێژی ئەندازیاری بەشی میکانیکە لە زانکۆی موسڵ و کۆلێژی ئەندازیاری بەشی کۆمپوتەر لە زانکۆی ئەمستردام، ئێستاش لە قۆناغی کۆتایی ماجستێرە لە زانکۆی ئەمستردام.
پارتی سۆسیالست کاندیدیان کردووە بۆ ئەنجومەنی هەرێمایەتی، لە هەرێمی ناوەڕاست (ئۆترێخت)، ژمارە 9 یە لە لیستەکە، پێشتر پارتی سۆسیالست 6 نوێنەری هەبوو، وەلێ پێشبینی دەکرێت ئەمجارە لانی کەم لەم هەرێمە 10 نوێنەر بە دەست بهێنێت، بۆیە کەمترین هیمەت بکەین شوێنێك بۆ ئەم پاڵێوراوەمان مسۆگەر دەکەین.
کاك یونس لە ناو پارتی سۆسیالست کاری زانیاری بەخشینە بە پەرلەمانتاران و بەرپرسانی پارتی سۆسیالست لەسەر دۆسیەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، پەنابەران، کێشەی کولتووری پەنابەران، ئیسلام. . . . .
ئەگەر بۆ ئەم پۆستە دەربچێت، کاریگەری دەبێت لەسەر هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پیرانی هۆڵەندی، هەروەها دەتوانێت پێداویستی کوردەکانی هۆڵەندا بگەیەنێتە جێ، سەرباری کارکردن بۆ کێشەی کورد لە دەرەوەی هۆڵەندا، ئەوە بە مسۆگەری شار و گەڕەکەکەی خۆی و ئێش و ئازارەکانی گەلەکەی لە بیر ناکات، هەر ئەمەش پاڵی پێوە ناوەو وایکردووە بچێتە ناو پارتی سۆسیالستەوە.
کاك یونس گۆران هاوکاری ناوەندی چاکی کرد لە هۆڵەندا، بۆ بەدەست هێنانی پشتگیری پارتی پارتی سۆسیالست " لە ڕێگەی هاری ڤان بۆملەوە " بۆ پشتگیریکردینی لە ناسینی ئەنفال بە ژینۆساید و پشتگیری ئەو پارتە لە پرۆسەی ئاشتی لە کوردستانی باکوور.
لە دوولاوە قازانجمانە دەنگ بە کاك یونس بدەین، لە لایەکەوە دەنگدان بە کاك یونس دەنگدانە بە پارتی سۆسیالست کە نزیکترین لایەنی سیاسییە لە خەونەکانی گەلی کورد و کەمدەرامەتانەوە نزیکە، لە لایەکی دیکەوە ئەم پاڵێوراوەمان نزیك دەکاتەوە لە پێگەی بڕیاردان، ئەوکات باشتر دەتوانێت خزمەتمان بکات.

http://provincieutrecht. sp. nl/verkiezingen/2007/kandidaten/younis. stm#inhoud

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.